هەڵبژاردنی راستەقینە، ئەبێ هەڵبژاردن و ڕەتکردنەوەیش بێت...!!

ن.جەمال عەبدول

پەرلەمان، یان ئەنجوومەنی نیشتمانی، وەك دەزگایەکی شارستانیو سەردەم، ئەبوو ئەندامەکانی هەر هەموویان، دەنگ پێدراو هەڵبژێردراوی سەرجەم خەڵکی کوردستان بن و، هەڵبژاردن، پێش ئەوەی هرزو گوزارشتێکی سیاسی بێت، چەمکێکی کۆمەڵایەتیو مافی ئازادیی خەڵکە، لە ویستن یان نەویستنی شتێك و پێویستە هاوڵاتی چەند ماف و ئازادیی ویستن و پێقایلبوونی هەر شتێکی هەیە ،ئەوەندەیش بەو پەڕی ئازادییەوە، مافی نەویستن و ڕەتکردنەوەی ئەوە شتەی هەبێ، هەر بەو پێیەش هەڵبژاردن (هەموو هەڵبژاردنێك)، واتای ویستن یان نەویستن، لەگەڵخواست و چێژو ئارەزوی مرۆڤ، گونجان یان نەگونجان دەگەیەنێو ،رووشێکی بنچینەیی ژیانی دیموکراتییە ... وابزانم، یەکێتی ریزی خواست و دەنگ و ڕەنگ و هەڵوێست و ئامانجی ریزەکانی گەلەکەمان بە گشتیو ئەو دوو زلهێزەی کوردستان بە تایبەتی، ئاوات و خۆزگەو هیوای هەموو کوردێکی خەمخۆری ئێستاو داهاتوو کوردە، بەڵام ئەم یەك لیستییە، ئەگەر بۆ هەڵبژاردنە سەپێنروەکەی عیراق و پێداویستییەکانی ئەم قۆناغەی بزوتنەوەی سیاسی کوردیش گونجاو بێ، ئاخۆ هەڵبژاردن، بێ ڕەتکردنەوە هەڵبژاردن بێت ..؟!! هەموو هەڵبژاردنێك، کە دەستە بژێرو ڕەتکردنەوەشی تێدا نەبوو، پێی ناوترێ هەڵبژاردن، ئەو خەڵکە کە مافی ئەوەی نەبێ لیستێکی بە خواستی خۆی (پاش ئەزموونی تاڵی ١٣ ساڵ) هەڵبژێرێت، با هیچ نەبێ نافی ئەوەی هەبێ لەو لیستە یەکگرتوەدا، کەسی دڵخوازی شایستەی خۆی هەڵبژێرێ ...! هەڵبژاردنی پەرلەمان، ئەزموونێکی شارستانیو پربایەخ و هەوڵو سەرەتایەکە بۆ بنیاتنانی ژیانی دەستووریو دامەزراندنی دەزگاکانی کۆمەڵی شارستانیو ڕەواکاری دەسەڵات لە ڕێی هەڵبژاردنێکی ئازادەوە، بە باوەری من، چونکە کورد، تا ڕاپەرینی١٩٩١، ئازادی بە خۆیەوە نەدیوە و هیچ شارەزاییەکی لەوە پێشی نەبووەو، ڕەنگە تەنانەت لە ڕووی دەروونییەوە لە ژێر گوشارێکی تایبەت و درێژخایەن و کاریگەرییەکی تا ئێستاش بەردەوامدا بووەو دوور نییە تا دەیان ساڵ و نەوەی تریش کاریگەری سەخت و پڕ ناسۆری هەبێت، لە ناخ و دەروون و نەستی هەموومااندا، بۆیە ڕاست و پێویست وابوو، هەڵبژاردنی ئەمجارە، دیسان نێو بە نێو نەبوایە و داوی ئەو مەینەتیانەی پەرلەمان و دەسەڵاتی دانوو پێکەوە نەکوڵاوو ناکۆکی نیو بە نیو، ئەبوو ئەو دوو گەورە حیزبەی کوردستان، خۆیان دیسانەوە بە ئەزموونی تاڵو سەرنەکوتووی نیو بە نیو قایل نەبوونایە و بە خۆیان و میللەتەکەشیان ڕەوا نەدییایە و هەڵبژاردنی ئەم سەردەمە ئاڵۆزو چارەنووسسازە ،بە شێوەیەکی دەستە بژێری بوایەو هەوڵ بدرایە گونجاوو باشترو لێهاتووترین کۆمەڵە خەڵکێك دەستنیشان بکرانایە و ئەو سایش لەناو ئەو کۆمەڵە دەستە بژێرەدا، ئەندامانی ئەنجوومەن (پەرلەمان) هەڵبژێردرانەیەو ئەو کردە دیموکراسیەش، نەخرایەتە بەر ڕەحمەتی میزاجی ناوردو زیانبەخشی تاکە کەس یان دەستەیەك، بێگومان ئەوکاتە بیروڕاکان هەمەڕەنگ و ئەندامە لێزان و دڵسۆزو باشەکان زۆرترو بەو پێییەش ئەنجوومەنەکە تواناترو کاروبارەکان ڕێك و پێکترو دیموکراتییانەتر بەڕێوە ئەچوو.

بێگومان، ڕەنگە سازکردنی گۆنگرەیەکی نەتەوەیی لەم کاتە گرنگ و ناسك و چارەنووسسازەی ئەم قۆناغی خەباتی نەتەوایەتیمان، بۆ چارەسەرکردنی گرفتە سیاسیەکانی کوردستان و بەشداریی زۆرترین خەڵکی کوردستان و هیچ لێنەشاردنەوەو پرس پێکردن و ڕاوەرگرتنی، نیشانەی باوەر بە خۆکردن و ریزگرتنی ڕای گشتیو بەر چاوو ڕوون نییە بۆ دیاری کردنی ڕەوتی ئایندەی ڕووبەڕوو بوونەوەکان، چونکە هەموو ئەو بەسەر هاتانەی چارەڕوان ئەکرێن، چارەنووسسازن و پێویستییان بە بڕیاری گشتیو ڕاپرسی هەیەو هیچ کەس و دەزگاو دەسەڵات و لایەنێك ناتوانێ ئەو بەرپرسییە مێژووییانە بە تەنیا بگرێتە ئەستۆ ..، بێگەمان کار وا بروات ..! تا ئایندەیەکی دووریش ڕەنگە هەرگیز خەڵکی بیر ئازادو سەربەخۆ، نەتوانن بەشدارەییەکی کاری هەڵبژاردن بکەن و بە دەردی ئەو کەس و لایەنانەی هەڵبژاردنی ١٩-٥-١٩٩٢ دەچن و کەس دەنگیان ناداتێ ..!، بەڵام ئەبێ ئەو ڕاستییەش بڵێین، کە ئەم یەك لیستە!، لە کۆمەڵێك گۆبەندو کێشەی گەورەی ململانێی نادروست و زیان بەخش ڕزگاری کردین، چونکە ئێمە هێشتا شایستەو پێڕا هاتوو بەو ڕەفتارەنینو بە نەریتی دیموکراسیو ڕێزگرتن لە بنەماکانی مافی مرۆڤ واشنا نین ..!!

دەبێ هوشیار بین لەسەر نوێ بنیات نانەوەی عیراقدا

م. زیاد خۆشناو*

خۆمان و مێژوو نووسان و خەڵکی دونیا زۆر چاك دەزانن بەر لە ساڵی ١٩٢١ وڵاتێکی وەك ئەمڕۆ بەناو عیراق لە ئارادا نەبووە، بەو نەخشە درۆزنەی کە لە قوتابخانەکاندا دەخوێنراو دەبینرا، بەڵکو لەسەرەتاوە عیراق لە هەردوو ولایەتی بەسراو بەغدا دروست کراوەو پاشان بەبێ ویست و ئیرادەی گەلەکەمان باشوری کوردستان کە ئەو کاتە ولایەتی موسڵ بووە، بەم عیراقە داتاشراوە لکێنراوە، ئەوەش ئەوە ڕاستییەکە هەموومان دەیزانین، هەمیشە ئاماژە بەو مەزلومییەتەی گەلی کورد دەکرێ، کە بێ ویستی خۆی بە وڵاتێکی دیکە لکێنراوە ... ئەمڕۆش کە دەوڵەتی عیراق بەشی زۆری دام و دەزگاکانی تووشی هەڵوەشانەوە هاتوون و ئێمەی کوردیش زۆر بە گەرمی بەشداری سەر لە نوێ بنیات نانەوەی ئەو عیراقە دەکەین. کە زێتر لە هەشتا ساڵە بە دەستیەوە دەناڵێنین و بە دەستییەوە گیرۆدە دەیان کارەساتو مەینەتی جەرگبڕانە هاتووین، کەچی وەك تێبینی دەکرێ، وشەی عیراقی فیدراڵ و تەعەددیو زۆر شتیدیکە تەنها ئێمەی کورد بەسەر زارمان دادێ، هەر ئێمەش بە جددی هەوڵی دووبارە بنیاتنانەوەو بەهێزکردنەوەی دەدەین!!

دیارە سەرکردایەتی سیاسی کوردی لەبەرەم چەندین پرسیاری گرنگ و چارەنووسسازدایە کە گرنگە بێ وەڵام نەمێنن، ئایا ئەو عیراقەی کە هەڵپەی بنیات نانەوەینە چ عیراقێك دەبێت ؟ ئاخۆهەمان کارەساتو هەمان شێوازی ڕژێمەکانی پێشوودووبارە ناکاتەوە؟چۆن لەگەڵ کوردستان و گەلەکەی مامەڵە دەکرێت؟ تۆبڵێی عەقلیەتی عەرەب ئەوەی بۆ هەزم بکرێ دیموکراسیانە مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشەیەدا بکات؟

ئەوەتانێ هەر زوو (کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق) گایە بەناو سەربەخۆو بێ لایەنە، بەڵام لە ڕاستیدا سەربەخۆیی خۆیان لە دەست داوە، بە کردەوەش ئەوەیان سەلماندووە کە ئەوانیش ناتوانن دەسبەرداری عەقلیەتی بیری شۆڤینی عەرەبی بنوشارستانانە هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەی ڕەوای گەلی کوردستان بکەن،بە سەرنجدان لەسەرجەم ڕێنمایی و کارەکانیان ئەو ڕاستییە زیاتر ڕوون دەبێتەوە ، بۆ نمونە:

١/ لیستی دەنگ دەرانی هەولێر لە (٨٥٪)ی کوردستان و گەلەکەی مامەڵە دەکرێت؟ تۆبڵێی عەقلیەتی عەرەب ئەوەی بۆ هەزم بکرێ دیموکراسیانە مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشەیەدا بکات؟

ئەوەتانێ هەر زوو (کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق) گایە بەناو سەربەخۆو بێ لایەنە، بەڵام لە ڕاستیدا سەربەخۆیی خۆیان لە دەست داوە، بە کردەوەش ئەوەیان سەلماندووە کە ئەوانیش ناتوانن دەسبەرداری عەقلیەتی بیری شۆڤینی عەرەبی بنوشارستانانە هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەی ڕەوای گەلی کوردستان بکەن،بە سەرنجدان لەسەرجەم ڕێنمایی و کارەکانیان ئەو ڕاستییە زیاتر ڕوون دەبێتەوە ، بۆ نمونە:

١/ لیستی دەنگ دەرانی هەولێر لە (٨٥٪)ی زیاتری هەڵەی تێدا کراوە.

٢/ دانانی کۆنە بەعسیو عەرەبە شۆڤینیەکان لەو کۆمسیۆنانەو بە تایبەتیش لە کەرکوك.

٣/ ڕێگە نەدان و ماوە نەدان بە هاوڵاتیان بۆ چاکردنەوەی هەڵەکان، بە تایبەتیش بۆ شارێکی وەك هەولێر کە زۆرترین هەڵەی تێدا ڕووداوە.

٤/ دەست کاری کردنی بەرنامەی حیزبەکان بۆ نموونە بەرنامەیەکیان بەمجۆرە دەستکاری کردووە (بنیاتنانی عیراقێکی دەستوری دیموکراسی فیدرالی) کرایتە (پابەند بوون بە یەکپارچەیی گەل و خاکی عیراق) ئەمەو داواکردن لە پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان بۆ گۆرینی ناوەکەی چونکە گوایە (جودا خوازیە) بەڵام بێ ئەوەی ئەوە بزانن ، یان دەیزاننو دانیپێداناهێنن !! کە (جودا خوازی بۆ یەکێکە کە بیەوێ پارچەیەکی ئەسڵی لە شتێك بکاتەوە) بەڵام وا دیارە ئەوانە باشوری کوردستان بە میراتی قەحگا ن و عەدنان دەزانن و وا دەزانن بەشێکی جیانەکراوەی نەجدو حیجازی نیشتمانە ئەسڵیەکەی خۆیانە ....

ئێمە بە هیچ شێوەیەك باشوری کوردستان بە گەل و خاکەکەیەوە بە بەشێك لە غیراق نازانین و بەڵکو عیراق داگیرکەری ئەم بەشەی کوردستانە.ئەمانە چەند نموونەیەك بوون لە ڕەفتارە شۆڤینیانەکانی ئەم کۆمسیۆنە بەناو سەربەخۆیە .... ئاخۆ ئەوانەی هەر بە خۆیان شۆڤینینە دەبێ ئەوان چییان پێبێ، بێ گومان ئەوانیش ئەوەیان پێیە کە کورد کافرەو کوشتنی حەڵاڵە و غەزایە وەکو ئەو کردەوانەی لە موسڵ و حەویجەو مەخموور ڕوودەدەن.

بۆیە پێویستە خەڵکی کوردستانو گشت لایەنە سیاسییەکانی زۆر بە هوشیارانەو هەستیارانە بەشداری ئەم پرۆسەیە بن، مەبەست پرۆسەی بنیاتنانەوەی عیراقی نوێیە. تەماشاکەن چۆن شۆڤینستی عەرەب کاریگەری لەسەر مێشکی زۆربەی هەرە زۆری عەرەبی عیراقی هەیە، بە تایبەتیش عەرەبی سوننە مەزهەب کە زێتر لە (٩٠) ساڵە لەززەت لە دەسەڵات وەردەگرێو بەخۆینی کوردستانیەکان فرچکیان گرتووە. پێم وایە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە (بە تایبەتی عەرەبە سونیەکان) لەم ماوە درێژەی حوکمی شۆڤینیان بەجۆرێك پەروەردە کراون و خاوەنی کولتورێکن هەرگیز نەك هەر جیاوازیو ڕای تریان لا قبووڵ نیە، بەڵکو ئامادەن بە هەموو تواناکانیان هەوڵی گێڕانەوەی بەناو (سەرکەوتن و سەروەریەکانیان) بدەن، تەنانەت کردەوەکانیان بەرامبەر بە کوردستانیەکان ئەوەی سەلماندووە. بەڵام دەبێ ئەوەمان باش لەلا ڕوون بێ کە پشتگیری کوردان لە یەکپارچەیی عیراق و بنیاتنانەوەیدا، هێشتا لەلای ئەوان جێی بڕواپێکردن نییە ،تائەو ڕادەیەی کە ئێمەی کورد بە خشتەی عیراقی داتاشراو و(موەحەد)یش بچینە نێو هەڵبژاردنەکانەوە، ئەوەش فێڵێکەو تەنها لە خۆمانی دەکەین، نەك لە کەسێکی دیکە!!

*ئەندامی بیرۆی سیاسی pksk

دریژەی پەیامی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان

بۆ دەبێت بەکارهێنانی کۆنسێپتی سەربەخۆیی تەنیا لەگەڵ ناوی گەلی کوردو وڵاتی کوردستاندا ناقانوونیو "خەتەر" بێت؟ لە کاتێکدا ئەگەر سەرنجی لیستی ئەو حزب و گروپانە بدەین کە بەشداری هەڵبژاردن دەکەن. وشەی سەربەخۆیو گەلێك کۆنسێپتی تری هاوڕەدیفی سەربەخۆیی لە پەنای ناوی حزبە عەرەبییە قەومییەکان و حزبە ئیسلامیی عیراقییەکاندا دەبینین.

! تەنانەت زۆر ناوی کاریکاتێریی لە لیستەکەدا هەن کە سەر بە دەوڵەتانی ناوچەکەن وەك حزبی ترکمن ایلی (حزبی هەرێمی تورکمانستان – حزب اقلیم ترکمانیا) داخوا ئەم کۆمسیۆنە مانای وشەی "ایلی" دەزانێت یان ئەویش پێی وایە لە عیراقدا هەرێمێك هەیە بەناوی تورکمانستان؟

باشە ئەم کۆمسیۆنە بۆ لە ڕاست ئەم کارە ناقانوونیە بێدەنگە؟ کەچی داوای مافی چارەی خۆنووسین و ئازادیو سەربەخۆیی کوردستان بە ناقانوونی لە قەڵەم دەدات.

ئەی ئێستا قسە لەسەر ئەوە نییە کە عیراق بەرەو ئایندەیەکی دیموکراسییو بەرەو دەوڵەتێکی دەستووریو قانوونیی بڕوات. ئەی ئەم کۆمسیۆنە بۆ سەرنجی وڵاتە دیموکراتییەکانی جیهان نادات، کە لێرەدا تەنیا بۆ نمونە ئاماژە بە وڵاتی کەنەدا دەکەین. لەوێ نەك هەر بەکارهێنان و پراکتیزە کردنی سەربەخۆیی لە دانیشتوانی هەرێمی کیوپیك نەکراوە بە ناقانوونیو قەدەغەکراو، بەڵکو ڕێگای ئیستقلاڵخوازانی کیوپیك دراوە بەشداری پرۆسەی سیاسی بکەن و هەر کاتێکیش بخوازن بە ڕێوشوێنی قانوونی دەتوانن داوای سازدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمەکەدا بکەن و دانیشتوانی هەرێمەکە خۆیان چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن:کە دەخوازن وەك بەشێك لەگەڵ کەنەدا بمێننەوە یان جیا ببنەو. هەڵەن ئەو کەس و دەزگایانەی کە پێیان وابێت دیموکراسی ڕێگای ئازادییو سەربەخۆیی لە گەلان دەگرێت، بە گەلی کوردستانیشەوە!!!

کۆمسیۆنی باڵاو هەموو لایەك دڵنیا دەکەینەوە، کە ئەك ڕەفتارە ناقانوونییە ناتوانێت ئێمە لە خەتی ئازادییو دیموکراسیو سەربەخۆیی لابدات. پارتی کاری سەربەخۆیی وەك حزبێکی کوردستانیی لەناو جەرگەی پرۆسەی سیاسییداو بەڕێوشوێنی دیموکراسییانەو شارستانیانە درێژە بە خەبات و چالاکییە سیاسییو فکریو ڕێکخراوەییەکانی خۆی دەدات، لە پێناوی ئایندەیەکی دیموکراسی بۆ کوردستان و عیراق، لە پێناوی بڕیاردانی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کوردستان.

هەر بۆیە لە کاتێکدا بە توندی ئەو شەرت و شروتە سیاسییانە ڕەتدەکەینەوە کە کۆمسیۆنی باڵا دەیەوێت بەسەرماندا بسەپێنێت. لەهەمان کاتدا کشانەوەی خۆمان لە هەڵبژاردنەکان ڕادەگەیەنین.

ئێمە کە بروامان بە ئایندەی دیموکراسی هەیە بۆ کوردستان و عیراق و ناوچەکە، بروامان بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان هەیە. بەردەوام جەختمان لەوە کردووە کە عیراق لەسەر بنەمای دوو هەرێمی کوردستان و عەربستان دابمەزرێتەوەو بکرێت بە دەوڵەتێکی ئیتحادییو گەلی کوردستانیش لەم دەوڵەتە نوێیەدا بتوانێت مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسین و سوربەخۆیی خۆی لەسەر تەواوی خاکی باشووری کوردستاندا هەڵسوکەوت بکات. هەر ئەمەش وایلێکردین لە ساڵی ١٩٩٣دا پشتیوانیی لەو فیدرالیزمە بکەین کە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند.

ئێمە پێمان وایە مەحەکی بە دیموکراسی بوون و بە قانوونیی بوونی دەوڵەتی ئایندەی عیراق و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێو ئیتحادیی لە عیراقدا، لەوەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت، کە دان بە مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستاندا بنرێت، جا پراکتیزە کردنی ئەم مافە بە مانەوە لەگەڵ عیراقدا بێت لە دەوڵەتێکی ئیتحادیدا یان بە جیابوونەوە لە عیراق و دامەزراندنی دەوڵەتیی نیشتمانی کوردستان.

هەڵەن ئەوانەی کە پێیان وایە بە ئینکارکردنی مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستان دەتوانن داکۆکیی لە مانەوەی دەوڵەتی عیراق بکەن. چاو گێڕانەوەیەك بە مێژووی عیراقە کۆنەکەدا بەسە بۆ ئەوانەی کەدڵسۆزی مانەوەی عیراقن، دەست لە ئینکارکردنی کێشەی کوردستان هەڵگرن.

لە کۆتاییدا هیوادارین کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن دەست پاکانە ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکات کە لە یاسای بەڕێوەبردنی قۆناغی گواستنەوەدا بۆی دەست نیشاکراوەو کەڵکی خراپ لەو دەسەڵاتانە وەرنەگرێت بۆ تێپەڕاندن و سەپاندنی هیچ بڕیو بۆچوونێکی شۆڤینیو سیاسی.

سەرکەوتووبێت پرۆسەی هەڵبژاردن لە پێناوی دامەزراندنی عیراقێکی ئیتحادیی ئارەزوو مەندانە کە گەلی کوردستان بتوانێت مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆییەکی نیسبی لەسەر تەواوی خاکی مێژوویی باشووردا هەڵسو کوت بکات و زەمینەی ئازادییو بووژاندنەوەو پاراستنی مافی مرۆڤ و یەکسانی نێوان ژن وپیاو لە کوردستان و عیراقدا سەقامگیر بکات و مافی هەموو گروپە جیاجیاکانی کۆمەڵگە دەستەبەر بکات و ئازادیی سرووتە ئایینییەکان بۆ گشت ئایین و ئایینزاکان بپارێزێت، بە ئیسلام و ئیزیدیو مەسیحیو مەندائیو جوولەکەو ئەوانی ترەوە.

لەگەڵ ڕێزدا
بیرۆی سیاسی
پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان

لە کوردستان

نەبای دێ نەباران

سەرنوسەر

شکور ئەمساڵ لە کوردستاندا، باو باران خراپ نیە، کارەساتی (تسۆنامی)یش هەر ئەو ساتانە مەینەتییەکانی دەمانبزوێنێ کەلەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەردەکەون، خۆزیا ئێمەیش لە کاتی ڕودانی ئەو کارەساتە مرۆییانە بمانتوانیبوایە کۆمەکی خۆمان بە پێی توانا بۆ زیان لێکەوتوانی ئەو ڕووداوانە بنیزین، چونکە خۆشمان ڕوداوو مەینەتی زۆرمان دیتیە و ئێمەش ڕۆژانێك چارمان لەو کۆمەکیانە بووە.

با لە ئەسلی مەبەست دوور نەکەومەوە، کە دەڵێم نە بای دێو نە باران، مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەوە نزیکەی دووهەفتەیە بەناو ماوەی فەرمی بۆ پروپاگەندە کردنی هەڵبژاردنەکان دیاریکراوە، بەڵام وەك بڵێی شتێك لە ئارادا نەبێ، ناوی هەڵبژاردن بێ، دەبێ هۆیەکەی چیبێ، ئاخۆ لای خەڵك و دامەزراوەو دەزگاکانی پەیوەندار بەو پرۆسەیە هەڵبژاردن جێی بایەخ پێدان نەبێ، یان خەڵکی ئێمە زیاتر سەرگەرمی ئەو کارانە دەبێ کە چەند ڕۆژێکی مابێ یان لە نێوگەرمەی ڕووداوەکان حاڵ دەیگرێ...

ئەمن هەقم لەوە نییە، ئەوەندە دەزانم لە پارێزگایەکی وەك هەولێر کە پایتەختی هەرێمە زیاتر لە ملیۆنێك هاوڵاتی تێدا دەژیو دەیان دام و دەزگای حیزبی، حکومی، مەدەنی، میدیاو..شتی دیکەشی تێدایە..، تەنانەت لە هەندێ بۆنەو یادەوەری وا هەیە دەرو دیواری شار نامێنێ پڕی نەکەن لە لافیتەو دەبدەبەو شریتی ڕەنگاوڕەنگو هەرچی دامەزراوەی سیاسی، حکومیو مەدەنی هەیە تێدا بەشداردەبن، ئەو هەموو خەرجییە لە کوێ دێ لە کام بانك پێیان دەدرێ، خۆ ئەگەر ئەو خەرجییە لە پڕژەکانی خزمەتگوزاری تەرخانبکرێ لەوانەیە بەشێك لە مەینەتییەکانی کارەبا یان ئاو یان ڕێگاوبانەکانی پێ چارەسەربکرێ.جا ئەو دیاردەیە لە لای حزبێکی بچوكو گەورە بەپێی تواناو دەسڕۆیشتویی بەدی دەکرێ، لە کاتێکا شێوازی زۆر مۆدێرنانە هەیە، ڕەنگە ئەگەر پیادەی بکەن ئاهەنگی ئەو یادەوەرییانە بەدیمەنو کاریگەرتر دەکات‌و بگرە دەبێتە دەرفەتێکیش بۆ کات بەسەر بردنو تاموچێژلێوەرگرتنی هاوڵاتیانو بەرزوبەرێز ڕاگرتنی خودی بۆنەکەش، بەڵام لەلای ئێمە ئەو ڕێورەسمانە ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ هەر بەو شێوانە بەڕێوەدەچن، کە مۆرکمان پێوەرگرتووە، با بێینەوە سەر مەسەلەی ئامادەباشیو پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردن، لەوە دەچێ هەڵبژاردن لە لای خەڵکی ئەو شارە مانایەکی ئەو تۆی نەبێ، دیارە متمانەییان بەوە نییە کە ئەو هەڵبژاردنانە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە ژیانی ئاسایی‌و لە قالب دراویان پێکبێنێ، بەشێکیش پەیوەندی بەو ڕەوشەوە هەیە کە لە ئاکامی شەڕی نێو خۆ وەك کەلتوریو ترس و تۆقین لە ئاست حیزبی دەسەڵاتدارو دام و دەزگاکانییەوە ڕەنگی وەرگرتووە، ئەمجار دیاردەی نایەکسانی لە دابەشکردنی خزمەتگوزارییەکانو هەست نەکردن بە مافی هاوڵاتیبون‌و لەسەرێکی دیکەوە تەشەنەکردنی گەندەڵی ئیداری‌و بنبڕنەکردنی، هەروابێتەوە زێدەڕۆییکردن لە مەسروفات‌و حسابنەکردن بۆ خەڵکی وڵاتپارێزو دڵسۆز، ئەوانەو چەندان هۆکاری دیکە پێویست بە وە ناکا بەگۆڕێیان وەرکەم، ڕەنگەهەموو ئەو شتانە وایان کردبێ خەڵك لە ئێستاو تایبەندی خۆی نائومێدو بەگومان بێ، دەنا هەڵبژاردنێك کە هەر چەند ساڵێك لەمەوبەر لە چاوەنۆڕی بەدەر بوو، دەبوو وەك هەڵبژاردنی ١٩٩٢ی دوای ڕاپەڕین بە شایی‌و چەپڵەڕێزان پێشوازییان لێبکردبایە.

با لەوە گەڕێین باشە ئەو حیزب‌و لایەن‌و بێلایەنانەی کە خۆیان کاندید کردووە ئەوان بۆچی وا بێدەنگن، لەوەش سەیرتر ئێمە وا بۆ چاردەساڵ دەچێ بەناو پیادەی دیموکراسی دەکەین لەلایەك پێشوەخت کورسییەکان دابەشکران‌و لەلایەکی دیکەوە، عێراق دوو ساڵ نابێ ڕزگارکراوە، کەچی دەیان‌و بگرە زیاتریش لەحزب‌و کۆمەڵە پێکهێنراون، لیستی هەمەڕەنگ بۆ هەڵبژاردنەکان‌و کەسایەتی جیاجیا لەوانەش بێلایەن‌و سەربەخۆکان خۆیان کاندید کردووە، کە لەڕووی ژمارەو هەمەڕەنگی لەگەڵ کوردستان بەراورد ناکرێ، سەرباری ڕەوشی نائەمنی‌و نائارامیلای ئەوان بەڵام دەمێکە هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکان دەستیپێکردوە، شارەکانی عێراقی جموجۆڵ بەخۆوە دەبینن‌و کەناڵەکانی میدیای عێراقی‌و عەرەبی بەبایەخەوە باس لە پڕۆسەی هەڵبژاردنەکان دەکەن، هەروا بەپێی ئەنجامی ئەو ڕاپرسییە کە ئەنیستۆتی ڕۆژنامەوانی جەنگ‌و ئاشتی لەبەرنامەی (کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی هەڵبژاردن کە لە ١١ /١/ ٢٠٠٥ لە شاری هەولێر بەسترا) بڵاوکردەوە ،دەردەکەوێ کە زۆربەی هاوڵاتیانی کوردستان شتێکی ئەوتۆ لەسەر هەڵبژاردنەکان نازانن‌و لێی بێئاگان، ئەگەر شتێکیشیان زانیبێ لەڕێگای فۆرمەکان‌و بریکارەکانی خۆراك زانیویانە، ئەی کوا ڕۆلی کەناڵەکانی میدیاو کۆمەڵگەی بەناومەدەنی لە هۆشیارکردنەوەو ڕونکردنەوەی کەڵتورو پرنسیپەکانی هەڵبژاردن !. جا هەقی خۆم نییە بڵێم لە هەولێر نەبای دێو نە باران !!